# پەیوەندیی سیمانتیک و لۆژیک

# لە ڕستەی کوردیدا

د.بکر عومەر عەلی- م.ئاڤێستا کەمال مەحموود

ڕستەکان لە زمانی کوردیدا و لە هەموو زمانەکانی جیهاندا پشت بە هەردوو دارشتەی دەنگ و واتا دەبەستن ,بۆ لێکگەیشتن و ئەم لێکترتێگەیشتنەش تەنها لەو بارەدا ڕوو نادات ,کە ڕستەکان لە ڕووی دروستەی سینتاکسیەوە ڕاست بن و مەرج و یاسا و پرنسیپ و قەیدەکانی ئاستی سینتاکسیان جێبەجێکردبێت , بەڵکو ڕستەکان دەبێت لە ڕووی دارشتەی سیمانتیکیشەوە دروستە و واتاکانیشیان دروست و ڕاستبن و پەیوەندیی وابەستەگی واتایی لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەیەك و ڕستەکانی زمانێکدا هەبن , لۆژیك لەم ئاستەدا ڕۆڵی خۆی دەبینێت , کە دەبێت ڕستەکان دروست بن بە پێی یاسا لۆژیکییەکان و لادان لە ناو ڕستەکان و پەیوەندیی نێوان وشەکانیاندا نەبێت , چونکە هەر لادانێك لە یاسا و دیاردە لۆژیکییەکان دەبێتە هۆکاری لێکبچڕان و تەواو نەبوونی کردەی لێکگەیشتن و دەرکەوتنی کەلێن لە پرۆسەی بیرکردنەوەکەدا .

لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو یاسا لۆژیکیانە بخەینە ڕوو , کە پەیوەندی و ناوکۆییان هەیە لەگەڵ دارشتەی سیمانتیکیدا و

وادەکەن قسە پێکەرانی زمانێك لەیەك بگەن و ئەو ڕستانەی , کە لە ڕووی واتایی و لۆژیکییەوە لە ڕستەی کوردیدا گرفت دروست دەکەن بیانناسینەو جیاکاری بخەینە ڕوو لە نێوان ڕستەیەك , کە لۆژیکانە دروستە و لە ڕووی واتاشەوە گرفتی نییە لەگەڵ ئەو ڕستانەی ,کە توشی پێکەوە نەهاتنەوە دەبن , لەم دوو دارشتەیەدا هەر لەبەر ئەم هۆکارەش سەرەتا دەبێت لەوە پرسیارەوە دەستپێبکەین ,کە لۆژیك چییە ؟ و پەیوەندیی لەگەڵ ئاستەکانی زماندا چییە شیبکەینەوە و پەسەنی بکەین , پێناسەی لۆژیك کراوە بەوەی کە ا. " لوژیك یاساکانی بیرکردنەوەیە "[1] هەروەها ب." لۆژیك زمانی گەیاندنی هزرە "[2] .

لە لایەکی دیکەشەوە دارشتەی سیمانتیکی وەك دارشتەی لۆژیکی وایە " لە ڕێی لۆژیکەوە دەزانین ,کە خەڵکی چۆن بیرەکانیان ڕێك دەخەن و چۆن خۆیان لە هەڵە و شاراوەی و لێڵی بەدوور دەگرن لە ناو ئارگۆمێنتەکانیاندا "[3]

لە ڕووی ستراکچەر و پێکهاتەوە دەکرێت لە پەیوەندی نێوان لۆژیك و زمان بکۆڵرێتەوە بەڵام ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر گرنگی و جەخت لەسەر لایەنی واتایی و سیما واتاییەکان (فیچەرەکانر) و پەیوەندی واتای و وابەستەییانەی نێوان وشەکان دەکەین لە سیمانتیکدا و لە لۆژیکیشدا جەخت

لەسەر هەڵە لۆژیکییەکان دەکەین و تەنها گرنگی بەڕستەکان نادەین  تەنها لە ڕووی فۆرمی سیمانتیکییانەوە , بەڵکو گرنگیش دەدەین بەو پەیوەندییە ئاڵۆزەی کە لە نێوان واتاسازی و لۆژیکدا هەیە لە ڕستەو ئارگومێنتەکاندا , چونکە مۆدێلی زمانەوانی پێنج ئاستی هەیە ١. زمانەکە خۆی ٢. پەسەنکردنی ڕێزمانیانەی ئەو زمانە ٣. ناڵێلی (لۆژیکی ) زمانەکە ٤. چەمك  Intentional ٥ ناولێنراو Extensional.

 لە ئاستی سیمانتیکدا دەبێت ڕستەکان هەڵگری واتایەکی ڕاستەقینە بن ,بۆ پتەوکردنی کردەی لێکگەیشتن و گەیاندنی ئەو  بیرۆکانەی , کە مەبەستن لە ڕێی پرۆسەیەکی زمانییەوە" پرنسیپی سەلماندن  The principle of verification بە پێی ئەو ڕێیازە هیچ دەربڕینێك وەك دانەیەکی پڕ واتا سەیرناکرێ , تا ئەو کاتەی سەلماندنی لەسەر نەکرێ بەهۆی سەرنج و تێبینی , یان ڕێیازێکی زانستی ستانداردەوە " [٤]

 پەیوەست بە لۆژیکیشەوە  بەهای ڕاستی زاراوەکان لە ناو ئارگۆمێنتەکاندا  بە پلەی یەك دێت  ولە هەندێك باردا هەڵەیەکی لۆژیکی لە نەسەلماندن و ئاشکرانەکردنی زاراوەکانەوە سەرهەڵدەدات و پێناسە نەکردنیان وەك ئەوەی هەن لە ڕاستیداگرفت لە لۆژیکی بوونی ڕستەکەدا دروست دەکات کەرەستەکانی لۆژیك بریتین لە ( زاراوە , گوزارەکان ( المقولات ) , ئارگۆمێنتەکان و یاسا لۆژیکییەکان ) و وەك مەرجێکی بەڵگە نەویست دەبێت زاراوەکان لە ڕووی بەها و واتاوە ئاشکرابن و دوربن لە لێڵی و تەمومژ و ئەو بیرەی قسەکەر هەیەتی وەك خۆی بیگەیەنن بە بێ دروستکردنی واتی شاراوە و پەرشوبڵاوکردنی بیری گوێگر ئەمەش بەشێکە لە ئاما نجی بەکارهێنانی لۆژیك  ,کە دەبێت بەجۆرێك کەرەستەکان ڕیزبکرێن لە کردەی گەیاندنەکەدا , کە گوێگر ڕاستەوخۆ لە ڕستەو دەربڕاوەکانی قسەکەر تێبگات و بەهای
ئاخاوتنەکەش لە گرنگترینەوە بۆ گرنگ بناسێتەوە و بە پێی پێویستی و بەهێزی بەڵگەهێنانەوەکان  لە مەبەست و کردەی پەیوەندیکردنەکەی قسەکەر بگات  .

1. ولاتە پێشکەوتووەکان هەمیشە گرنگیان داوە بە مافی مرۆڤ .

لە ڕستەی (١) دا زاراوەی >> پێشکەوتوو<< لێڵی و شاراوەی تێدایە نازانرێت کە واتا و بەهای ڕاستێتی ئەم زاراوەیە چییە؟ مەبەست  لە  >ولاتانی پێشکەوتوو < چییە ؟ ئایا ئەم ولاتانە لە چ ڕوویەکەوە پێشکەوتوون و ئایا دەکرێت ولاتێك  ,کە لە ڕووی تەکنەلۆژییەوە پێشکەوتوو بێت لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە هەمان پێشکەوتنی هەبێت , ئەگەر  بەوشێوەیەیە؟ , ئەی بۆچی خاوەنی زیندانە گەورەکان هەر ئەو ولاتانەن ,کە پێیان دەگوترێت ولاتە پێشکەوتووەکان و ئایا  ئەو دیاردە کۆمەلایەتییە دزێوانە چین ؟,کە هەیانە و چەندین پرسیاری دیکەی لەم شێوەیە لە زاراوەیەکی تەمو مژاوی لەم جۆرە دا  خۆی دەردەخات , و بە پێی لۆژیك دەبێت هەموو زاراوەیەك ,کە بەو جۆرە لێلچ بێت پێناسە بکرێت و لایەنە تەمومژاویەکانی بخرێتە ڕوو .
زمانی کوردی بەدەر لەم جۆرە زاراوانە ,کە خودی قسەکەر بە لێڵی بەکاریدەهێنێت, چەندین حاڵەتی لەو جۆرەی لەلا دروست دەبێت, بەتایبەت ئەو بارە تەمومژییەی ,کە زاراوەکان دروستی دەکەن, دەبەسترێنەوە بە حاڵەتە تابۆکانی ,وەك سێکس, هۆکارێکی ئەم پەیوەندییە دەگەڕێتەوە بۆ فیچەرە سیمانتیکییەکان

وتێکەڵاوی کێڵگەی واتایی ئەو وشانەدەبێت,کەبۆسێکس و تابۆکان لەگەڵ فیلدەکانی تردا و ئەم حاڵەتەش پەیوەستە بە واتای بنە و میتافۆر و بەکارهێنانی ڕیشەی وشەکان بە پێی مێژووی زمانەکە.

لەلایەکی دیکەوە گوزارەکـــــان بەلایەنی کەمەوە لە( ڕادە[5] ,بنە ,حوکمکار, ئامرازێك) پێکدێت ,کە بەهۆیانەوە ستراکچەری بیرکردنەوەکان بە پوزەتیڤی یان نێگێتیڤی دیاریدەکرێن :

2. هەموو مرۆڤەکان هۆشمەندن

| حوکمکار | بنە | ڕادە |
|---|---|---|

لە ڕستەی ( ٢ ) دا ( هەموو ) لەڕووی لۆژیکییەوە پێی دەگوترێت ڕادە و مرۆڤەکان ( بنە ) و هۆشمەندن ( حوکمکار )ە و هەریەك لە زاراوەکانی ( ڕادە و بنە و حوکمکار ) بەرامبەر بەوشە عەرەبی وئینگلیزییەکانی ( سور Quantifier, موضوع Subject , محمول Predicate ) [6] دێنەوە و هەندێك جار پێویستیش بە ( ئامرازی بەستنەوە Copula ) دەکات بۆ لێکدانی بنە و حوکمکار.

زاراوەی بنە, بریتییە لەو بابەتەی ,کە حوکمی بەسەردادەدەین بە پوزەتیڤی یان بە نێگتیڤی ,و حوکمکار بریتییە لە و بابەتەی ,کە هەڵدەستێت بە حوکمکردن بە پۆزەتیڤی یان بە نێگیتیڤی .

لە لایەکی دیکەوە مەرجی ڕاستی سیمانتیکی (Truth conditional) پێڕەوێکی سیمانتیکیمان بۆ دەردەخات ,کە لە چەندین یاسا و پرنسیپ و مەرج پێکهاتووە و پەیوەستە بە لۆژیك و ڕاستییە لۆژیکییەکانەوە و بریتییەلە "ئەو ڕوداوانەی لە ناو زماندا ڕوودەدەن زیاتر لەوەی لە جیهاندا ڕوودەدەن "[7]

وسیمانتیك و لۆژیکیش لەناوهزر و زەینی مرۆڤدا کاردەکەن و پشت دەبەستن بە ڕاستییە زمانی و فۆرمییەکان و ڕاستی هەریەکێکیان پابەندە بە مامەڵەی عەقڵ و لێکدانەوە عەقڵییەکان و ئەم هۆکارەشە کەوا دەکات پەیوەندیتوند هەبێت لە نێوان سیمانتیك و لۆژیك لە سینتاکسدا و دەتوانین هەندێك لەو پەیوەندییانە بە هەمبەریکردنیان بخەینە ڕوو

| کەرەستەی سینتاکسی | هێما و ئاماژەی کەرەستەکان لە سیمانتیکدا | کەرەستە و بابەتەکانی لۆژیك |
|---|---|---|
| هەرگیز | + کات | نەرێ |
| لە شوێنێك | + شوێن | دەرخەری بڕێتی |
| کێ | + کەس | پرسیار |
| ڕۆشتن | + جوڵە | ڕوودانی کار ( ئاماژەی واتایی ) |

لۆژیك و زمان بەتایبەت ( سیمانتیك ) لە وێناکردنە هزرییەکاندایە یەك دەگرن , چونکە وێنای یەکەیەکی بڕیاردانی بنەڕەتییە ,کە دەکرێت دەربڕێت لە ڕێی تاکە وشەیەکەوە و ئەو تاکە وشەیە یەکەیەکی ئاوەزییە و ڕووبەڕووی هەستەکان دەبێتەوە بە واتایەکی تر " ئەو هەستانەیە ,کە لە ڕێی زمانەوە دەردەبڕێت و بەمەش وێناکان پەیوەندییەکی توندی هەیە بە زمان و دابەشبونەکانیەوە "[8]لە گرنگترینیان وێنای گشتی و کەمەکییە هەروەها دەربڕینی تاك و کۆ و لە گرنگترین وێنا زمانییەکان ( پێکهاتەکانی دەربڕینە :

١. پێکهاتەی تەواو : بەکارهێنانی ئەو کەرەستانەی سود بە دەربڕینەکە دەگەیەنێت و دوو جۆرە ا.

پێکهاتەی تەواوی هەواڵی : توانای ڕاست بوون یان هەڵە بوون هەڵدەگرێت وەك ڕستە هەواڵییەکان ب. پێکهاتەی تەواوی ئینشائی : هەموو گوتراوێك دەگرێتەوە ,کە ناتوانێت هەڵگری ڕاستی یان چەوتی بێت وەك ڕستەی پرسیاری و نەفی و فەرمان ۲. پێکهاتەی ناتەواو ئەیش دوو جۆرە ا. پێکهاتەی ناتەواوی بەستەرەوە : بەشەکانی ڕستە پێکەوە دەبەستێتەوە وەك ( جێناو ) ب. پێکهاتەی ناتەواوی نابەستەرەوە : ئەم جۆرەیان ئامرازەکان دەگرێتەوە وەك ( پێشناوەکان.... بۆ قوتا بخانە )

بەبەردەوامی ئارگۆمێنتیەکان ,کە لە لۆژیکدا بەرهەم دەهێنرێن لەڕێی پێشەکییە لۆژیکییەکان وبەرهەمهێنانی ئەنجامەوەیە , بەو واتایەی , کە ئەنجام لە پێشەکییە لۆژیکییەکان (Premise )ەکانەوە وەردەگیرێت :

۳. .نالی مرۆڤە , مرۆڤەکان نەمرنین کەواتە نالی نەمرنییە

گوزارشتی یەکەم ,کە بریتییە لە ( نالی مرۆڤە ) و گوزارشتی دووهەم ,کە ( مرۆڤەکان نەمرنین ) ە دەبنە هۆکاری هاتنە ناوەوەی ئەنجامی ( نالی نەمرنییە )و هەر ڕستەیەکی ئەنجامی ,کە لە پێشەکییەکانیەوە هەڵنەگوێزرابێت لە ڕووی لۆژیکییەوە نادروستە ئەم حاڵەتەش پەیوەندییە سیمانتیگیەکەش دەخاتە ڕوو ,کە واتای سیمانتیکیانەی ڕستەکان مەرجە ,کە پێکەوە بێنەوەو بەهەموویان یەك چەمکی دروست بگەیەنن هەروەك چۆن دەبێت , پێکهاتەکانی ناو ڕستەش لە ڕووی سیمانتیکییەوە دروست بن :

٤. ا. منداڵەکە نانەکەی خواردو نوست .

* ب.منداڵەکە نانەکەی خواردو پیاوەکە مرد لەبەرئەوە منیش ڕامکرد .

لەڕستەی ( ٤ .ب ) دا سێ ڕستە لێکدراوەکە لە ڕووی سیمانتیکییەوە پێکەوە نایەنەوە و تەواوکەری یەکترنین بەڵکو گوێگر هەست بە دابڕانێك دەکات لە نێوانیاندا بەڵام هەر هەمان ڕستە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا و بە بەستنەوەی بە یاساکانی پراگماتیکەوە ,مەبەستێکی دیاریکراو دەدات بە گوێگر و زەمینەی زانیاری لە نێوان گوێگرو قسەکەردا هەریەکێك لە توخمە پێکهێنەکانی ئەو ڕستەیە مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنن وەك لە کاردەکات بە ڕادەیەك دەوروبەرێکی فیزیکی یان دەقی دا و لە گێڕانەوەی ڕووداوێکدا .

۱.۵. منداڵەکە هەرمێکەی خوارد .

* ب. منداڵەکە تاشەبەردەکەی خوارد .

پێکهاتەی ڕستەی ( ۱.۵ ) دا >>منداڵەکە << لە سیمای واتایی>> خوارد << دا داوای بەرکارێك دەکات , کە توانای ( جوین , قوتدان , ..هتد ) هەبێت و توخمی بەرکارەکە>>هەرمێکە<<ئەم توانایەی لە خۆیدا هەڵگرتووە بەڵام لە ڕستەی دوهەمدا دەبینین >> تاشەبەردەکە << لە سیمای واتایدا توانای >>خواردن << ی تێدا نییەو لەگەڵ پێکهاتەی گشتی توخمە پێکهێنەرەکانی تری ڕستەکەدا ناگونجێت .

هەروەها زمان و لۆژیك لە چەمك و ناولێنراوەکاندا هاوبەشن , کە چەمکەکان بریتین لە ناواخنی واتایی وشەکان و ناولێنراوەکانیش بریتین لە فۆرمی ناولێنانی دیاردەو کەرەستەو مرۆڤ ....هتد

٦. من هەمیشە حەز بە سەیرکردنی ئەستێرەی بەیانیان ,و ئەستێرەی ئێواران دەکەم .
ناولێنراو :ئەستێرەی بەیانیان و ئەستێرەی ئێواران : هەردوکیان( ڤینوس )ن

چەمکەکەی : هەردوکیان ( ئەستێرەی بەیانیان و ئێواران ) هەسارەن[9]

٧.أ. مامۆستا ئازاد زۆر زیرەکە ,, ڕاگرەکە زۆر زیرەکە

ب  مامۆستا ئازاد باڵای کورتە, ڕاگرەکە باڵای کورتە

پ. کەواتە مامۆستا ئازاد ڕاگرە

پەیوەندی نێوان (٧,أ,ب ) پەیوەندییەکی فۆرمی لۆژیکانەیە و ئەو ئە نجامەی ,کە بەدەستهێنراوە لە( ٧ ب )دا لە ئە نجامی هەڵگواستنی فۆرمییەوەیە و پەیوەندی نێوان >> ئازاد << و >> ڕاگر << پەیوەندییەکی فۆرمی و ناولێنانە هێندەی پەیوەندییەکی چەمکی بێت , چونکە مەرج نییە ,لە ڕێی هەندێك پێکهاتەی چەمکییەوە دوو ناولێنراو هاونرخ بن وەك لە لە ڕستەی ( ٧ پ ) دا دەرکەوتووە کە بەهۆی هەردوو چەمکی >> زیرەك << و > باڵای کورتە < بەها و نرخی ڕاستەقینەی >> ئازاد << و>> ڕاگر << یەکسانبوون و دەکرێت لە چەندین پێکهاتەی تری چەمکیدا لە یەك جیاواز بن وەك ( ڕەچەڵك , ڕەنگ, ڕووخسار , بیروباوەڕ.....هتد ).

پەیوەندییە سیمانتیکی و لۆژیکییەکان تەنها لە ڕستە بەکارهێنراوە پەسەنکراوەکاندا نابینرێنەوە بەڵکو بە ڕادەیەك بەیەکداچوون , کە پێکهاتەی هەریەکێکیان کاریگەری دەخاتە سەر ئەوی دیکە , بۆ نموونە نەرێکردن لە لۆژیکدا بە یەك جۆر لە ناو ڕستەیەکدا دیاریدەکرێت بەڵام لە سیمانتیکدا هەرشوێنێك ,کە نەرێیوونەکەی تێدەچێت ئەو شوێنە و کەرەستەی بەردەم ئەسپێکتی نەرێکردنەکە نەرێکراو دەبێت ئەم حاڵەتە لە ئەسپێکتەکاندا دەبینرێنەوە لەلایەکی ترەوە نەرێکردنی دیاردەکانی ناو سیمانتیك ( گریمانەی پێشینە,ناواخنی واتای ( ئینتەیلمێنت ) , پێشنیاز .. ) هەریەکێکیان بە شێوازێکی دیاریکراو نەرێدەکرێن , لە کاتێکدا گریمانەی پێشینە وەك پەیوەندییەکی سیمانتیکیانە لە ڕێی نەرێکردنەوە تاقیدەکرێتەوە بۆ ناسینەوەو جیاکردنەوەی لە دیاردەکانی تر ,ناواخنی واتای وەك پەیوەندی ودیاردەیەك لۆژیك و سیمانتیکدا کاردەکات و خۆی ناگرێت لەبەردەم ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیەدا .

ئینتەیلی ڕستەیەك بە نرێکردن هەڵدەوەشێتەوە و واتا سیمانتیکییەکەی خۆی نادات و نەهاتنەوە و دروست نەبوونی واتای سیمانتیکیش بۆ نەگونجاندن و پێکەوە نەهاتنی لۆژیکی دەگەڕێتەوە چونکە " B ڕاست دەبێت ئەگەر Aڕاست بێت و دەتوانرێت وەها پێناسە بکرێت , کە نەبونەکراوە Bهەڵە بێت ئەگەر A ڕاست بێت "[10]

ناواخنی واتای بەم شێوەیە بخرێتە ڕوو :

A- بارانەکەی شەستە دەکات B ( باران دەبارێت )

A – نەسرین خوشکی باوکمە B ( نەسرین پوری منە )

A – ئەمڕۆ دووشەممەیە B( سبەینێ سێشەممەیە )

هەندێك ڕستەمان هەیە هەرچەندە Bەكان هێما و ئاماژەكانیان لە Aەوە وەردەگرن بەلاَم ئینتەیلی لۆژیكی نانوێنن وەك

A- هانا دایكی شڤانە B – هانا ژنی باوكی شڤانە

A-شڤان دەڵێت ماندوم -B شڤان ماندووە

مەرجێك نییە ,كە ڕستە (A)ەكان بە ڕستە( B ) ەكانەوە ببەستێتەوە لە ڕستەی ژ هانا دا مەرج نییە ,كە هانا هێشتا ژنی باوكی شڤان بێت بۆیە دایكی شڤانیشە و لە ڕستەی ژ ماندووەدا مەرج نییە ,كە شڤان ماندوو بێت

١.٨.ڕاوكەرەكە پێنج ئاسكی ڕاوكرد,

ب. ڕاوكەرەكە چوار ئاسكی ڕاوكرد

پ. ڕاوكەرەكە پێنج ئاسكی كوشت.

ئینتەیلی ئەم ڕستەیە بریتییە لە ڕاوكەرەكە چوارئاسكیشی ڕاوكردووە بەلاَم كاتێك لە ڕێی یاسای نەرێكردنەوە تاقیدەكرێتەوە و ڕستەكە دەبێتە

١.٩. ڕاوكەرەكە پێنج ئاسكی ڕاونەكرد,

ئەوا ئەم ڕستە نەرێكراوە هەمان ئینتەیلی سیمانتیكی ڕستە ئەرێكەی نییە چونكە لە ڕوی لۆژیكییەوە ژمارەكە دیاریكراو نییە تا لەرێیەوە بزانین چ ژمارەیەكی تر لە خۆ دەگرێت هەروەها لە ڕستەیەكی وەك

١.١٠. ئازاد دوێنێ بە نەخۆشییەوە ڕۆشتەوە

ب. ئەو ڕۆشتەوە.

گریمانەی پێشینەی سیمانتیكی ( ئەو ڕۆشتەوە دەكات ) كاتێك نەرێ دەكرێت یاسای لۆژیكی بەهەمان شێوەی ڕستە ئەرێكە كارناكات ( ئازاد دوێنێ بەنەخۆشییەوە نەرۆیشتەوە ) گریمانەی پێشینەی سیمانتیكی ( ئەو ڕۆشتەوە دەكات ) بە نەخۆشیبێت یان بە هەر جۆرێكی دیكە بوبێت بەلاَم لە ڕووی لۆژیكییەوە كەرستە ی ناو ڕستە ئەرێكە بریندار بووە > بە نەخۆشی < و لێرەدا ڕستەكان بەهای ڕاستێتی خۆیان لەدەست دەدەن ,كە ڕۆشتنەوەكە لە بەرەنجامی نەخۆشییەكدا بووە نەوەك هەر هۆكارێكی تر لێرەدا لۆژیك بە دوای بەهای ڕاستێتیدا دەگەرێت بەلاَم سیمانتیك واتای ئەو ڕووداوەمان دەداتێ ,كە ڕووی داوە "سیمانتیك تەرخانە بۆ لێكۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان وشە ( وەك هێماكەر ) و هێما بۆكراو ( وەك ئەو شتەی لە واقیعدا باسی لێوە دەكرێت )"[11] بۆ زیاتر خستنە ڕووی بانگهێشتێكی لەم جۆرە دەبێت نەرێكردنی هەریەك لە لۆژیك و سیمانتیك بخەینە ڕوو بو دەستنیشانكردنی ئەو ئاستەی ,كە لۆژیك و سیمانتیك لە پەیوەندییەكاندا پێیدەگەن :

لە لۆژیكدا گوزارشت و ڕستەكان ,كە نەرێدەكرێن مامەڵەی ڕاستبوون و بەهای ڕاستێتی خۆیان لەدەست دەدەن و ئەمەش وادەكات , كە ئەنجامەكان لە ڕێی هۆو هۆكارەوە دروستبوون پچڕاندنێكیان تێدا بێت واتا لە ڕیزبەندی نێوان پێشەكییە لۆژیكییەكان و ئەنجامەكەدا خۆیەكلاكردنەوەیەك بۆ بنەكان ببینینەوە بە ئەرێ یاخود بە نەرێ , و یاسا لۆژیكییەكان ڕێگری دەكەن لە هەموو ڕستەیەكی یەكالآنەكراوە لە لایەنی

ئەرێکردن و نەرێکردنـەوە ,و مامەڵـە تـەنها لەگـەڵ ئـەو ڕستـانەدا دەکرێت ,کـە یاسـای هەڵوەشێنەرەوە دەیگرێتەوە ( Contradiction Principle )کە دەقەکەی دەڵێت "شتی باسکراو ناکرێت سەربەشتێك بێت ولەهەمانکاتدا سەربەوشتەش نەبێت بە واتـایەکی دیکە ناکرێت ڕاست و هەڵە بێت لە هەمانکاتدا "[12] بۆ نموونەدەکرێت لەم یاسایەدا دابڕێژرێتەوە :

11 . X=Y و X = Y

12 .١ .مریشکە ڕەشە[13]مریشکە

ب. مریشکە ڕەشە پەلەوەرە

پ. مریشکە ڕەشە مرۆڤە .

ت. مرۆڤ گیانداریکی عەقلانییە

ج. مریشکە ڕەشە گیانداریکی عەقلانییە .

لێرەدا هەردووبەرە نجامی ( مریشکە ڕەشە پەلەوەرە و مریشکە ڕەشە گیانداریکی عەقلانییە ) بە پێی لۆژیك ڕاست نییەو ناگونجێت بەمەش دەگەینە چەند ئە نجامێکی دیکەی لۆژیکی :

ح. مریشکە ڕەشە نە مریشکە و نە مرۆڤە لە هیچ ڕوویەکەوە .

خ. مریشکە ڕەشە وەك مریشك ڕەفتار ناکات و لە مرۆڤیش ناچێت .

لە ڕستەی( ١٢.پ,ج ) دا پێچەوانەیە لەگەڵ ئەزموونەکانی ئێمە لە جیهـانی ڕاستەقینەدا و لـە هەمانکاتـدا ئێمە لەسەر ڕاستییەك ڕێککـەوتوین بـۆ ڕستەکانی (١٢.پ,ج ),کـە بـە گریمانـە جیهـانێکی جیاوازمـان بـۆ مریشکە ڕەشە دروستکردووە بۆ ئەوەی لەوێ بوونی هەبێت نەوەك لە جیهانی ڕاستەقینەدا هـەروەها بـە پێـی پرنـسیپی دوو جەمـسەری ڕسته هەواڵییـەکان یـان ڕاستن یـان هەڵـە و ئـەم پرنـسیپە پشت دەبەسـتێت بـە نەرێکردن .

١.١٣ . من نانم خوارد

لە ڕستەی( من نانم خوارد )دا من بانگهێشتی هەڵبژاردنی خۆم کـردووە لـە نێـوان هـەردوو دراوی ( من نـانم خـواردووە , مـن نـانم نـەخواردووە ) دا و نـەرێکردنی لـۆژیکی پـشتبەستە بـە هەردووئاسـتی سیمانتیك و سینتاکس لە دەستنیشانکردنی یەکێك لە دراوەکاندا ئەویش لە ڕێی :

١. نەرێکردنی کردار

٢. نەرێکردنی کەرەستەو ئامرازە زمانییەکانەوە دەبێت

لە ڕستەی زمانی کوردیدا نەرێکردن دەچێتەسەر کـرداره سـەرەکییەکەی ڕسـتە [14]و مـەودای نەرێکردنەکـە لـەم حاڵەتەدا لە فرێزی کردارەکەدایە.

هەروەها لەکاتێکدا یەکێك لە کەرەستەی ( هـیچ و هـەرگیز ) بـەکاردەهێنرێت لـە سیمانتیکدا تـەنها نرێـی کەرەستەی پێش خۆیان دەکەنەوە و ئامرازەکـانی نـەرێکردنیش دەچـنە سـەر کـرداری ڕسـتەکە بۆئـەوەی ,کـە

مەوداى نەرێكردنەكە كۆى گشتى پێكهاتەى ڕستەكە بگرێتەوە و نەك تەنها فرێزى نـاوى بكـەرى نـەرێ بێت بەڵكو فرێزە كرداريەكەش نەرێ بێت .

١٤. هيچ مرۆڤێك سەگ نييە .

{ هيچ } كارى كردۆتە سەر >> مرۆڤ << و مەوداى نەرێكردنەكە فرێزە بكەرييەكەى گرتۆتەوە , مـەوداى نەرێى {نييە } فرێزە بەركارييەكەى گرتۆتەوە , بەو واتـايەى ,كە>مرۆڤەكان سەرپاكيان < ,>سـەگ نـين < بەلاّم دەكرێت شتێكى ديكە بن بۆ نموونە ( ئاژەلێكى هۆشداربن , ئاژەڵكى بێوەفا بن...هتد ) بن بەم پێيە > ڕادەكان < لە سيمانتيكدا دەستنيـشانى > بنـە< ەكـان دەكـەن[١٥]ولەهەنـدێك بـارى تـردا ئـەو دوو جـۆرە نەرێكردنە لە ڕستەكانى زمانى كورديدا دەبينرێنەوە وەك لەكاتى بەكارهێنانى ( نە...نە ) دا .

١٥. نە ئەو بێت و نەئەم بچێت .

و لە هەندێ ڕستەدا مەوداى هەريەكێك لە دروستە پێكهێنەكانى ڕستەكە نەرێدەكرێن

١٦. هێشتا هيچ كام لە خوێندكارەكان نەهاتوون .

نەرێى   نەرێى فرێزى بكەرى   نەرێى كردار

كات هەمان ڕستە لە زمانى ئينگليزيدا بەو شێوەنەرێكردنە نايەتەوە

17. Non of them arrived yet

نەرێى كات   نەرێى فرێزى ناوى

ئەم نەرێكردنەى ,كەرەستەكان و ( ڕادەكان )لە لۆژيكدا دەبينرێتەوە بەلاّم جياوازييەكەى لەگەڵ سيمانتيكدا لەوەدا خۆيدەبينێتەوە ,كە نەرێكردنى ڕادەكان دەبێتە حوكمدان بەسەر هەموو ئارگۆمێنتەكەدا بە نێگێتڤى ياخود بە پۆزەتيڤى و بە پێى جۆرى ڕادەكان هەمەكى و كەمەكى گوزارەكان دياريدەكرێت :

١٨. ا.هەموو مرۆڤێك زيندەوەرە . (هەمەكى – پۆزەتيڤ: بە A هێماى بۆ دەكرێت )

ب. هيچ مرۆڤێك بێگيانييە .( هەمەكى – نێگێتيڤ: بە E هێماى بۆ دەكرێت )

پ. هەندێك مرۆڤ بێئەمەكن . ( كەمەكى – پۆزەتيڤ : بە I هێماى بۆ دەكرێت )

ت. كەمێك لە مرۆڤەكان ژيرن .( كەمەكى – نێگێتيڤ: بە O هێماى بۆ دەكرێت)

سيما واتـاييەكان بەشێكى ترى ئەو پەيوەنديية سيستەماتيكيانە نيشان دەدەن ,كـە لـە نێـوان سيمانتيك و لۆژيكـدا هەيـە هەنـدێك جـار لۆژيـك ناتوانێـت پرۆسـەى لێكگەيـشتنەكە بگەيـەنێت ئـەويش بـە هـۆى كەمكردنەوەى هێز و تواناى بيركردنەوەيە , و پەيوەسـت بـەم هۆكارەشـەوە پەيوەنديـيـەكى تونـد لـە نێـوان سيمالۆژيكييەكان و كاتيگۆرييە سيمانتيكييەكاندا هەيە وەك ناوێكى وەك > رزگار<دا دەردەكەوێت :

١٩.رزگاری پورزام کوژرا

| ڕزگار | ڕزگار |
|---|---|
| +مرۆڤ | +مرۆڤ |
| + نێر | – نێر |
| ±هەراش | ±هەراش |

هــەروەها لــە لۆژیکــدا بــۆ ( ڕادەکــان )ەکــان زاراوەکــانی بڕێتــی ( چــەندێتی ) بــەکاردەهێنرێن بەتاییــەت >هەندێك< و> هەموو < ئەمانیش گرفتی سیما واتاییەکانیان تێدا بەدی دەکرێت :

| هەموو | هەندێك |
|---|---|
| ± مرۆڤ | ± مرۆڤ |
| ± هەراش | ±هەراش |
| ± نێر | ± نێر |
| + کۆ | + کۆ |

دەکرێت ئەم گرفتە لۆژیکییە بە پێناسـەکردنی سیمانتیکیانە چارەسـەر بکرێـت بـەهۆی زیـادکردنی ژمـارەی سیماواتـاییەکان بۆ هەموو ئەو زاراوانەی,کە هەمبەر بەرامبەر یەکتر دەوەستنەوە , بەتـاییەت دەرچـوون لـەو سیمایانەی ,کە گشتین و بەکارهێنانی هەندێك سیمای بەشیی و تـاییەت.

| هەموو | هەندێك |
|---|---|
| ± مرۆڤ | ± مرۆڤ |
| ± هەراش | ±هەراش |
| ± نێر | ± نێر |
| + کۆ | + کۆ |
| + سەرجەم | + بەشێك لە |

ئــەم تێکەڵاوبوونــە لــە سیــستمی ســیمانتیکی و لۆژیکیــدا فیــچەری کەرەســتە ئامــاژە پێــدەرەکانیش ( ناوەگشتییەکان ,جێناوەکان , جێناوەکانی ئاماژە , هەندێك لە مۆرفیمە ڕێزمانیەکان ... ) دەگرێتـەوە و لـە سیمانتیکدا ئەم حاڵەتە بەهۆی یاسایەکەوە داڕێژراوە ,کە پێی دەوترێت" یاسای ئامـاژەدان "و بـە پێی ئـەم یاسایە لۆژیکیانە بەکارهێنانی هەریەك لەو کەرەستە ئاماژە پێدەرانە کاتێك گونجاو و دروست دەبێت ,کە "ئەگـەر ئارگۆمێنتێـك١ A کـە فـۆرمی ناسـاندنی هـەڵگرتوو و ئاماژەیەکـە بـۆ A2 ئـەو کاتـە واتـای A1 یەکسانە بە واتای ئارگۆمێنتی A3 کە هەڵگری سیمای واتای A1و A2 ن "[١٦]

N1 N2




She is happy = The girl is happy[17]

A1= جێناو و ئامرازی ناساندن

A2 = جێناوی سەربەخۆ بۆ مێ ( له زمانی ئینگلیزیدا ){She }

A3=گونجاندنی مۆرفێمی ناسیارییەكە بە پێی لۆژیك و لەڕێی سیما واتاییەكانەوە لەگەڵ ئەو ناوە گشتیەی ,كە بەڕەگەزی مێینە بەكاردێت ( The girl )

لە كاتێكدا A1 دەرخەری تاكێتی ناوەكەیە و A2 ناوێكی گشتییە بۆ كچ و A3 جێناوی سەربەخۆیە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ مێ بەكاردەهێنرێت بەمەش A3 سیمای واتای A1,A2ی تێدایە بەڵام ئەم حاڵەتە لە زمانی كوردیدا بەو شێوەیە نییە بەڵكو جێناوی ( ئەو ) بۆ نێر و مێیە لەبەرئەوە بەرامبەر A1,A2 ناوەستێتەوە لەم حاڵەتەدا واتە لە كەسی سێهەمی تاكدا چونكە جێناوی ( ئەو ) ( ± نێر )ە

بەڵكو هەموو سیماكانی تر وەك ( + مرۆڤ, - كۆ, - هەراش ,±نێر ) وادەكەن ,كە ئاماژەی A3=A1 و A3 هەڵگری هەردوو سیمایA1و A2نەبێت .




واتە A1 = سیماكانی ئامرازی ناساندن( ± نێر , -كۆ)

A2 = جێناوی ئەو بۆ كەسی سێهەمی تاك ,كە سیماكانی بیتیین لە ( + مرۆڤ, ±نێر , -هەراش, -كۆ) بەكۆكردنەوەی سیماو تایبەتییەكانی هەردوو ئارگۆمێنتەكە ( ناسیاوی + جێناوی كەسی سێهەمی تاك ) سیماكان بەم شێوەیە دەنوسرێنەوە {+مرۆڤ , ±نێر, -هەراش, -كۆ }و ئارگۆمێنتی سێهەم A3 كە = كچەكە سیماكانی بەم شێوەیە دەنوسرێتەوە {+مرۆڤ , -نێر , -هەراش , -كۆ } پێكەوەنەهاتنەوەی لەم جۆرە دەبێتە هێنانە ناوەوە و تێبینیكردنی دیاردەی لێلی و شاراوەی وەك دیاردەیەكی سیمانتیكی لە زمانی كوردیدا

, که خودی ڕێزمان دروستی کردووه چونکه له ڕستەیەکی وەك ( ئەو دڵی خۆشه ) -ئەو نیشانه و ئامرازی ئاماژەدانه وەك ئەوەی ,که ئامرازی ناساندن دەیکات - لێڵی لای گوێگر دروست دەکات ,که ئایا ئەوکەسەی ,که ئاماژەی بۆکراوه ( نێره یان مێ ) ئەم حاڵەتەش وادەکات ,که ئەو ڕستانەی جێناوی کەسی سێهەمی تاکیان بۆ بەکارهاتبێت لێڵیان تێدا بدۆزرێتەوه لێڵی و شاراوەی ambiguous لەسەر ئاستی سیمانتیکدا له لێکدانەوەی واتادا گرفت دروست دەکات وبەشێوەیەك که زمانەوانەکان به دوای هۆکارەکانیدا له سنووری زماندا دەگەڕێن و هەر ئەم جۆره دیارده زمانییه له لۆژیکیشدا کاری خۆی دەکات و لۆژیکەوانەکان مامەڵه لەگەڵ ئەو زاراوه و دەستەواژه و ئارگومێنتانەدا ناکات , که لێڵی واتاییان هەیه , لێڵی واتای بریتییه له وشەیەك ,د دەستەواژەیەك یان ڕستەیەك ,که له توانایدا هەبێت زیاتر له واتایەك ببەخشێت و بگەیەنێت .

لێڵی له واتادا له چەند حاڵەتێکەوه دەبێت له واتای فەرهەنگی وشەکه ,که هاودەنگه وەك ( بیر ) و هەندێکی دیکەیان ڕێزمانیین وەك
شیرین و نەسرینی هاوڕێم هاتن .
هەندێك له لێڵی واتای به هۆی یاساکانی گواستنەوەیه له زماندا ئەم حاڵەتەشه ,که وا دەکات هەندێك له دەربڕین و ئارگۆمێنتەکان له ڕووی لۆژیکەوه هەڵه بن و به ڕادەیەکی ,کەمتر ئەم جۆره له لێڵ له زمانی کوردیدا دەردەکەوێت , لەبەرئەوەی دیاردەی گواستنەوه له زمانی کوردیدا بەهەمان چەشنی زمانی ئینگلیزی نییه و له زمانی کوردیدا بەردەبازەکان و پێکهاتەی زمانەکه ڕێگه به جێگۆڕکێکردن دەدات[18] .

له ڕووی لۆژیکییەوه ئەو ڕستانەی هەڵگری جۆرێك له لێڵی سیمانتیکین توشی هەڵوەشاندنەوه دەبن چونکه وەستانەوەیەك له ناوەندی دوو ڕەگەزدا( Excluded Middle ) دەبینرێتەوه و ئەو ڕستانەهاوسەنگ بوونی لۆژیکیانەی تێدانامێنێت ( ئەگەر A یەکسان بوو به B ئەوا دەبێت بەهای ڕاستەقینەشیان یەکسان بێت ) .

چەندین پەیوەندی سیستەماتیکیانه سیمانتیك و لۆژیك بەیەکەوه دەبەستێتەوه , وەك هەڵه لۆژیکییەکان بەشێکی زۆریان هۆکارەکانیان دەگەڕێتەوه بۆ بوونی دیارده سیمانتیکییەکان بەواتایەکی دیکه سیمانتیك دەتوانێت پێمان بلێت ,که ئەو ڕستەو ئارگۆمێناته بۆچی هەڵەن له ڕووی لۆژیکییەوه[19] بۆ نموونه :
١. هەڵەی پرسیاری ئاڵۆز ( X پرسیارێکه ,که هەڵه بوون و ڕاست بون لەخۆیدا هەڵدەگرێت ئەگەر کەسێك وەڵامی بداتەوه ئەوا له هەردوو حاڵەتی ئەرێ و نەرێی پرسیارەکه لەلایەن پرسیارلێکراوەوه P دەگەیەنێت )
١.٢٠. ئایا ئازاد لەلێدانی ژنەکەی کەوت ؟
ب. بەڵێ لەلێدانی ژنەکەی کەوت q ⟵ ئازاد لەژنەکەی داوه
پ . نەخێر لەلێدانی ژنەکەی نەکەوتووه . q ⟵ ئازاد لەژنەکەی داوه ( و بەردەوامه )
پەیوەندی نێوان ( ا ) و ( ب )بریتییه له پەیوەندیی گریمانەی پێشینه ,که بەهۆی نەرێکردنیشەوه دیادەکه

ناکەوێت  لە واتای ڕستەکەدا

و ئەم جۆرە لە پرسیار ناتوانرێت لە ڕووی لۆژیکەوە وەڵامبدرێتەوە لەبەرئەوەی وەك تەڵە و تەڵزگەیەك خۆی دەنوێنێت بەتایبەت ئەم جۆرە لە پرسیار لە کاتی وەرگرتنی شاهێدیدا بەکاردەهێنرێت .

٢. هەڵەی پەنابردنە بەر باوەڕ ( Appeal to Belief ) کە دەتوانین بەم فۆرمە بینوێنین ( زۆربەی خوڵك باوەڕیان وایە ,کە X ڕاستە , هەر لەبەر ئەوە X ڕاستە )

بەکارهێنانی ڕادەی ( زۆربە , گشت , هەموو ..) لە ڕستەی لەم شێوەیەدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ڕووی لۆژیکییەوە گرفت دروست بکات بەهۆی سیما پێکهێنەکانیانەوە وهەروەها ئەم ڕادانە Quantifier خۆیان دەبنە هۆکار بۆ دەستکەوتنی ئەنجام ودیاریکردنی ڕێژەکان بەهۆی ئەم ڕادانەوە هۆکاری چەسپاندن و دڵنیابوون لە گشتگیری هۆکارەکە و سەلماندنی X .

٢١. زۆربەی ئەمریکییەکان باوەڕیان وایە خودا بوونی هەیە , کەواتە خودا بوون هەیە .

پێشەکی لۆژیکی( هۆکارەکان )                ئەنجام

بە پێی ئەم ئارگۆمێنتە بۆیە >> خودا << بوونی هەیە لەبەر ئەوەی ,کە>> زۆرینە< < باوەڕیان وایە خودا بوونی هەیە , و لەبەر هیچ هۆکارێکی دیکە نییە , و تاکە هۆکارێك ,کە جەخت لەسەر بوونی خودا بکات ئەوەیە ,کە >> زۆرینە< < باوەڕیان وایە و گەر بهاتبایە >> کەمینە << باوەڕیان وابوایە خودا بوونی هەی ئەوا خودا بوونی نەدەبوو ئەمەش لەگەڵ ئەو هۆکارە زۆرانەی لۆژیکدا پێکنایەتەوە

٣. پەنابردنەبەر کردەی گشتی Appeal to common action

فۆرمەکەی بریتییە لە ( X کردەیەکی گشتییە لەبەرئەوە X ڕاستە لە هەموو ڕووەکانەوە ( ئەخلاق , دابونەریت , ژیریتی ...هتد )

٢٢. هەموو کەس غەش دەکات , کەواتە غەشکردن کارێکی ئاساییە .

( + مرۆڤ
± نێر
± هەراش
± غەشکردن )

( + ئاسای )

لەبەرئەوەی ڕادەی >> هەموو << سەرجەمی مرۆڤەکانی گرتۆتەوە بەشێوەیەك واتای خۆی پەڕاندۆتە سەر گشت مرۆڤەکان و هەموویانی لەژێر یەك بابەتدا کۆکردووەتەوە ,کە ئەویش کردەی غەشکردنەکەیە و وایکردوە,کە >> کەس << لە سیما واتاییەکانیدا >> غەشکردن <<وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی لە پاڵ بە>> مرۆڤ<< بوونیدا بێت ودیارە لێکسێمی غەشکردن یە پێناسەکردنیدا ئاسیبوونی تێدا نییە , بەمەش پێکهاتەی سیمانتیکی ( مرۆڤ+غەشکردن ) هەڵدەوەشتێتەوە چونکە ئەنجامێك ,کە هەڵە دەبێت ئەوە دەردەخات , کە پێشەکیەکانی هەڵە بنیاتنراون .

لەلایەکی دیکەوە لە حاڵەتی گشتیدا ئاساییە ,کە خەڵکی لە جۆری Y مامەڵەی Xی لەگەڵدا بکرێت و لەگەڵ کەسێکی دیکە مامەڵە بەجۆرێکی تر بکرێت هاوسەنگ نابن لە ڕووی لۆژیکییەوە , لەبەرئەمەشە ,کە

ئەم جۆرە لە ئارگۆمێنت سازدان بە هەڵەیەکی لۆژیکی دادەنرێت .

٤. پەنابردنە بەر بەرەنجامی باوەڕپێبوون Appeal to Consequences Belief

دەکرێت ئەم هەڵە لۆژیکییە بەم فۆرمە دابڕێژرێت ( X ڕاستە لەبەرئەوەی خەڵك باوەڕی بە X ,ئەگەر خەڵك قایل نەبن بە X ئەوا ئەوکاتە X~ ڕاست دەبێت [٢٠] )

- X هەڵەیە لەبەر ئەوەی خەڵك باوەڕیان بە X~ و لەبەرئەمەش X~ ڕاست دەبێت .
- X ڕاستە لەبەرئەوەی, X دانی پێدانراوە ,کە ڕاستە .
- من دەخوازم X ڕاست بێت , کەواتە X ڕاستە .
- من دەخوازمX هەڵە بێت ,کەواتە X هەڵەیە .

٢٣. خودا دەبێت هەبێت , ئەگەر خودا بوونی نەبێت ئەوا ئەخلاق بوونی نابێت و ژیان شوێنێکی ناخۆش دەبێت[٢١] .

لە ئارگۆمێنتی( ٢٣ ) دا پەیوەندییە سیمانتیکییەکە , دەردەخات ,کە واتای ڕستە بەیەکەوە بەستراوەکان ( ڕستە مەرجی و وەڵامدانەوەکان ) بەشێوەیەك ڕیزبوون ,کە مەرجی باوەڕبوون بە( بوونی خودا )وە بەستراوەتەوە بە شاڕستەی ( ئەگەر خودا بوونی هەبێت ... ) لەکاتێکدا پەیوەندییە لۆژیکییەکە ڕاستی و بەهایەکی دیکەی ڕاستی پێشنیازدەکات ئەویش ئەوەیە ( خودا بوونی هەیە نەك لەبەرئەوەی ,کە ئەخلاق هەیە بەڵکو لەبەر کۆمەڵێك هۆکاری دیکەش ... ) , ئەگەر لەبەر ئەو هۆکارانە نەبێت ئەوا دەبێت خەڵکی بە نەریی ( خودا بوونی هەیە ) قایلبن و قبوڵییکەن .

## ئەنجامەکان

١. ڕستەکان هەڵگری واتان ولە پەیوەندیدان لەگەڵ لۆژیکدا ( لۆژیکی فۆرمی )
٢. لێلی واتای بەهۆی فیچەرە سیمانتیکییەکانەوە دەردەکەون بەتایبەت , کە دەبنە ئەوەی ڕستە و ئارگۆمێنتێك لەڕووی لۆژیکییەوە هەڵەبن .
٣. ئینتەیلی سیمانتیك و لۆژیکی وەك یەك لەڕستەنەرێکراوەکاندا هەڵدەوەشنەوە ,ئەویش لەبەرئەوەی نەریٚ ڕیٚ لەیاسا لۆژیکییەکان دەگرێت و ناهێڵێت بەها ڕاستەقینەکانیان truth-condition جێبەجێببێت .
٤. ڕادەکانی وەك ( هەموو , هەندێك ) لە ڕێی فیچەرە سیمانتیکییەکانەوە گرفتی لۆژیکی دروستدەکەن بەجۆرێك لێلی لە لەئاستی فەرهەنگییەوەدەگوێزنەوەبۆ ناو دروستەی ڕستە.
٥. بەهۆی شیکردنەوە ی سیمانتیکییەوە دەتوانرێت هۆکاری هەڵەلۆژیکییەکان دەستنیشانبکرێن و بخرێنە ڕوو. .

## پەراوێزەکان

[1] ماهر عبادالقادر (١٩٨٠:١٢)

2 سەرچاوەی پێشوو(١٤)

3 Geoffrey leech (1978: 157)

4 محمود فتح الله احمد (٢٠٠٨:١٤٥)

5 کەلە زمانی عەرەبیدا بەسور واتا ڕادە بەکارهێنراوە بەلاّم لەبەرئەوەی ,کەڕادەکان دەگرێتەوە ولە ئینگلیزیدا Quantifierباسکراوە

[6] پێشنیازی د. بکر عومەر عەلی بوون بۆ بەکوردی کردنی ئەم زاراوەی مەحمولە

[7] Jean Stillwell (1999: 17)

[8] ماهر عبادالقادر (١٩٨٠:٢١)

[9] F.R.Palaer( 1999:190)

[10] Sebastian Lobner (2002: 64)

[11] محمود فتح الله احمد (٢٠٠٨:١٤٧)

[12] Geoffrey leech (1978: 160)

[13] لە بەیتێکی کوردیدا مریشکە ڕەشە دیالۆگێك دەکات دەربارەی ئادابی سەردانکردنە لێرەدا مریشکە ڕەشە وەك مرۆڤ مامەڵە دەکات چونکە قسەدەکات و ڕەفتاری مرۆڤانە دەنوێنێت لەهەمانکاتدا بە فۆرم و شێوە ئاژەڵە ئەم دیاردەیە لە زۆربەی ئەدەبی میللەتەکانی دونیادا هەیە کە چەندین هۆکاری لە پشتەوەیە .

[14] نەرێکردن لە زمانی ئینگلیزیدا دەچێتە سەر کردارە یاریدەدەرەکە یاخود دەچێتەسەر ئامرازە زمانییەکان وەك:

- She's does not know the solution
- she's not always late

[15] لە حاڵەتی ئەرێدا دەتوانین ئەم بارە بە تەواوی ببینینەوە هەندێك گیانەوەر سەگن .

±مرۆڤ

±زیندوو

± کۆ

[16]Geoffrey leech (1978: 166)

[17] Geoffrey leech (1978: 121)

[18] محەمەد مەحوی (٢٠٠١ : ٢٠)

19 زۆربەی هەڵە لۆژیکییەکان لە ڕێی خشتەی ڕاست و هەڵە و یاسا لۆژیکییەکانی وە یاسای هەڵوەشاندنەوە و یاسای شوناسەوە دیاریدەکرێن بۆچی هەڵن بەلاّم بەشێك لە و هەلاّنەی دەستنیشانکراون دەکرێت هۆو هۆکارەکان بەهۆی سیمانتیکەوە بخەینە ڕوو .. ~بەرامبەر بە { نا } بەکاردەهێنرێت

[20] بەرامبەر بە { نا } بەکاردەهێنرێت

21 زۆربەی نموونەی هەڵە لۆژیکییەکان لە کتێبە گەورە لۆژیکییەکانەوە وەرگیراون و ناوەکانیان لە سەرچاوەکاندا تۆمارکراوە.

**سەرچاوە كوردييەكان:**


١. محمود فتح الله احمد .(٢٠٠٨. گۆڤاری زانكۆی سلێمانی ( واگەیاندن لە زمانی كوردیدا ) . چاپخانەی زانكۆی سلێمانی .

٢. محەمەدی مەحوی . ( ٢٠٠١ ) .ڕستەسازی .


**سەرچاوە عەرەبییەكان:**


١. محمد ثابت الفندي .(١٩٧٢). اصول المطق الرياضى . دار النهضة العربية.

٢. ماهر عبدالقادر .(١٩٨٠) . محاضرات في المنطق . دار الفكر .

٣. علي سامي النشار .( ٢٠٠٠ ).المنطق الصوري..دار المعرفة الجامعية


**سەرچاوە ئینگلیزییەكان**


1.Adrian Akmajian . (1995).Linguistics An Introduction to Language and Communication . Massachuetts of technology press

2. Daniel R. Boisvert . (1999) . Pragmatics and Semantics of Mixed Sentential Mood Sentences .University of Florida . Unpublished

3. F.R.Palaer .(1999 ). Semantics . Cambridge university press Ltd England

4. Geoffrey Leech. (1974). Semantics . A Division of Penguin Books

5. John I. Saeed . (1997). Semantics.

6. Leonard Talmy .(2000).Toward a Cognitive Sematics .The MIT press

7.Mary Dalrymple.(2000).Syntax And Semantics lexical Functional.Grammar. Academic Press

8 Robin Simith .(2007) . Standford Encyclopedia of Philosophy . Oxford clarendon press.

10.Stanly Peters .( 2000) Quantifiers in Language and logic , Clarendon Press Oxford .

## الخلاصة

يتناول هذا البحث العلاقات التي بين النمطق و السيمياء ( علم المعنى ) و ذلك من خلال القواعد و بنية الجملة , و ان المنطق و السيمياء لهما صلة قويةببعضهما البعض واستدركنا ذلك من خلال شرح النماذج المنطقية والسيميائية في الجمل الكردية و التي ادت الى بيان العلاقات المتداخلة بين المنطق و السيمياء , حيث ان البنية النحوية للجملة تفسر كيفية تراكيب و يحلل المتغيرات و المسببات المنطقية وان بعض المغالطات المنطقية اسبابها غموض سيميائية

وفي هذا البحث ايضا نجد ان سيمياء بدورها احد مستويات القواعد الاساسية يتداخل مع المنطق من عدة نواح الا وهي ( المستلزمات , الغموض اللغوي , سمات العدد.. ) فهذه الظاهرات في اكثر الاحيان يكون تفسيرها في المنطق حيث ان القواعدالمنطقية تبين لماذا وجدت هذهالظواهر و كيفةنفهمها بشكل صحيح و عقلاني بدون ان يمس البنيان السيميائي لتلك الجمل .

## Abstract

This research investigates the logical relations between Semantics and Formal Logics based on structural syntax. It shows that logical ideas and semantic methods have tied relations implied over examples from Kurdish language. The examples illustrate that syntax and syntactic structure have a great role in making a fabulous blending or combinations between logical meaning (semantics) and language forms. Meanwhile, the research shed lights on the many interfaces between logic and semantics which assure reasonable facts in language represented in sentence patterns. On the other hand, the research ascribes reasons for some semantics phenomenon to the role of logic.

The research tries to falsify the opinion which says that (logic is a science of criterions, and it has philosophical purposes through affirming that formal logic is an independent formal science), therefore this research make an hypothesis that many Semantics phenomena appear and describ by the vertue of logical dealing like (entailment , ambiguity , Quantifier features…). Some of the ogical fallacies have a semantically treatment and governor by truth- conditional.